# هاووڵاتیانی سلێمانی حەزیان لەدراوسێتی ماڵە عەرەبەکان نییە

**ڕاپۆرت**: **ستیڤان شەمزینانی**
Shamzini79@hotmail.com



ماڵە عەرەبەکان وانەهاتوون بڕۆنەوە بۆ شوێنەکانی پێشوویان، بۆیە زۆربەیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ گرێبەستییان بەستووە لەگەڵ ئەو خاوەن ماڵانەی خانووەکانیان لێ بەکرێ گرتوون، من واتێیدەگەم بەشێکی زۆر لەو عەرەبانە بەئەنقەست هاتوون ئەگەرنا لەو باوەڕەدانیم ئەو هەموو عەرەبە هەبن و مەترسییان لەسەربێت لە خوارووی عێراقدا. ئەمە تەنیا بەشێکی کەمە لە قسەکانی (نەوزاد) خاوەنی نووسینگەی (لانۆ) بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لەشاری سلێمانی.

وەك دەزانین بەهۆی پەشێوییەکانی ناوەڕاست و باشووری وڵاتی عێراق ڕۆژانە سەدان هاوڵاتی ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ دەرەوەی عێراق بەجێدەهێڵن، بەشێك لەو کەسانەش ڕوویانکردۆتەوە شارەکانی کوردستان و هەوڵی جێگیربوون و ژیان گوزەراندن دەدەن تیایدا.

کەمال حەمە غەریب- دانیشتووی گەڕەکی عەقاری سلێمانی وتی: بەشەخسی خۆم حەزم لەوەنییە ببمە دراوسێی ماڵە عەرەبەکان، لەبەرئەوەنا رقم لێیانە، بەڵام جاران و سەردەمی رژێم هەر لەم گەڕەکەدا دراوسێیان بووین، ئێستاش لەبیرمان نەچۆتەوە بەچ شێوەیەکی ناشیرین ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردین و دەیانچەوساندینەوە و ئازاریان دەداین.

بەشێکی زۆری ئەو ماڵانەش کە هاتوون کەس لێیان تێناگات ئایا یەك خێزانن؟ یان کێن و کێ نین و خەڵکی چ شارێکن؟ بۆیە ناخۆشەو لەوڵاتێکی وەك ئەوەی خۆماندا کەسێك ببێتە دراوسێت کە نەزانیت کێیە و لێی تێنەگەیت چ شەخسیەتێکی هەیە.

پێشڕەو محەمەد وتی: وەك پارێزەرێك سەرنجێکی تایبەتی و جیاوازم هەیە، بەپێی چەند بەندێکی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێنێك بەویستی خۆی هەڵیدەبژێرێت ژیان و گوزەران بکات، بەڵام بەمەرجێك ئەو تاکە نەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە، واتە مەبەستێکی سیاسی نێگەتیڤی لەپشتەوە نەبێت، بۆ نموونە کۆچی عەرەبەکان بۆ کەرکووك لەم بوارەدا نەبووە بەڵکو مەبەستێکی نەتەوەیی و سیاسی لەپشتەوە بووە کە جائیز نییە بەپێی میساقە نێودەوڵەتییەکان.

ترسی خەڵکی خۆمان لەماڵە عەرەبەکان پابەندە بەمەسەلەی ئەمنییەوە کە ترسیان لێیان هەیە، بۆ خۆم کە بچوکترین هەستی ڕەگەز پەرستیم تیانییە بەڵام سڵ لەوە دەکەمەوە کەماڵە عەرەبێك لەگەڕەکەکەماندا هەبێت، چوار پێنج مانگ لەمەوبەر ماڵێك لە کۆڵانەکەماندا بوون لەگەڕەکی هەوارە بەرزە، کاتێك منداڵەکەم دەچوو بۆ قوتابخانە نەمدەوێرا بەتەنیا

بینێرم خۆم بەسەیارەکەم دەمبرد، دوایی دەرکەوت ئەو ماڵە داواکراو بوون و پۆلیس دەستگیری کردن بەلآم نازانم هۆکاری دەسگیرکردنەکەیان چی بوو.

دالیا خەسرەو – وتی: زۆر ئاساییە، ئەگەر ماڵە عەرەبەکان لەگەڕەکەکەماندا هەبێت، چونکە لەپێشدا دەزگای ئاسایش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات و کەفیلیشیان هەیە بۆیە ئەگەر شتێکیان لەسەر بێت ئاسایش مافی نیشتەجێ بوونیان ناداتێ و یەکسەر دەیانگێڕێتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و لەکوردستان دەریاندەکات.

ئێمە لەسالآنی 1987-1991 ماڵمان لەگەڕەکی بەغداد جدیدە بوو لەشاری بەغداد ڕۆژێك لەرۆژان تووشی هیچ ناخۆشییەك نەبووین لەلایەن دراوسێ عەرەبەکانمانەوە بەڵکو هەروەك خۆمان وابوون مەگەر تاك و تەرا هەیانبوایە سەر بە بەعس بوایە خراپەی بکردایە، ئەوجا زۆر ئاساییە ئەوان بۆ ماوەیەك لێرەبن، چونکە ئەوان هەتا هەتایە لێرەنابن کە وەزعی شارەکانیان چاك بووەوە دەگەڕێنەوە چونکە کەس نییە حەز بکات لەئاوارەیی و دوور لەولأتەکەی خۆی ژیان بەرێتە سەر.

کامەران عەلی، زۆر بێزارە لەوەی دوو ماڵی عەرەب لەکۆلآنەکەیاندا هەیەو دەڵێ حەقوابوو حکومەت کەمپی تایبەتی بۆ بکردنایەتەوە نەك بیانهێنێتە شارەکانەوە و ئەوەندەی تر ئەزمەی سەکەن قوڵتر بکاتەوە، کامەران لەقسەکانیدا وتی: ئەو ماڵە عەرەبانە کە هاتوون بۆ ئێرە سێبەشییان بەمەبەستی خراپ هاتوون، چەندەها جار لە ڕۆژنامەکاندا خوێندومانەتەوە کە ئەو عەرەبانە دەستگیر دەکرێن یان سەربەگروپە تیرۆریستییەکان بوون یان ماڵی لەشفرۆشیان بۆ گەنجەکان کردووەتەوە، ئێستا لە گەڕەکەکەماندا دوو ماڵ هەن، بەتەواوەتی گەڕەکەکەیان هەراسان کردووە و شەوی وا هەیە بیست سەیارە دێتە بەردەم دەرگاکانیان، شتەکە ئاشکرایە ئەو دوو ماڵە ئاسایی نین‌و  ئێمەش حەزمان لەوە نییە خانەی لەشفرۆشی لە گەڕەکەکەماندا هەبێت، لەهیچ ولأتێکدا شتی وا نییە لەگەڕەکێکدا و لەتەنیشت ماڵی خەڵکی تردا ئەم جۆرە شوێنانە هەبن.

جوانە حەمەرەشید – وتی: وەك خوشکی شەهید حەزناکەم لەماڵمان لەگەڕەکێدا بێت ماڵە عەرەبی تێدابێت چونکە هەموو کاتێك ئەو وەختەم بیردەکەوێتەوە کە ئەمنە عەرەبەکان براکەمیان شەهیدکرد و حەڤدە دیناریشیان هەقی فیشەکەکان لەباوکم سەند.

هیچ کوردێك نییە لەدڵەوە حەز بکات لەشارەکەی خۆیدا ببێتە دراوسێی عەرەبێك کە دوێنێ لەقاڵبی داگیرکەردا دەهاتنە سەرمان و ئەنفال و کیمیایی بارانیان دەکردین.

کاروان سدیق – گەنجێکی تازە پێگەیشتووە و زمانی عەرەبی نازانێت باس لەوە دەکات پێویستە نەهێڵن عەرەبەکان بێنە شارەکانەوە، ئەویش بۆئەوەی کۆنترۆڵ بکرێن، بەبڕوای ئەو عەرەبەکان نیاز پاك نین، ئەوان لەئەمەریکا تەقینەوە دەکەن ئەی چۆن لێرە نایکەن؟

کاروان وتی: ئەگەر ماڵە عەرەبێك بێتە گەڕەکەکەمانەوە من هەموو خەڵکی گەڕەك کۆدەکەمەوە و بەهەموویان ئیمزا دەکەم کە وەك خەڵکی گەرەك پێی ڕازی نین و دەیبەمە بنکەی پۆلیسی رزگاری و ئاسایش کە نابێت عەرەب لەگەڕەکەکەماندا بێت چونکە من لەبازاڕەکەدا ئیش دەکەم ڕەفتار و هەڵوێستی ناشیرینییان دەبینم، ئیتر چۆن ڕێگە دەدەم بێنە گەڕەکەکەمانەوە و کۆلآنەکەمان بکەن بەشوێنی لەشفرۆش و شانە تیرۆریستییەکان، من لەو بازاڕەدا وەك ئاسایش موتابەعەیان دەکەم ئیتر بۆ گەڕەکەکەم دەئەوەندە چاو ورد دەکەمەوە.

نەورۆز – ئەویش وەك ژنێك لە ماڵە عەرەبەکان دەترسێت و لەقسەکانیدا ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی لەوانەیە ئەم هاتنەیان تەعریبێکی تر بێت و کورد بەخۆی نەزانیبێت و وتی: کە ئەو عەرەبانە دەبینم لەگەڕەك و بازاڕدا یەکسەر دەترسم و زەمانی مولازم موحسین و مولازم عەلی بەعسم بیردەکەوێتەوە کە ئەو کاتە من خوێندکار بووم و لەخۆپیشاندانێکدا دەستگیرکرام و بەلاندکرۆز بردیانم بۆ زیندان، کە دەیانبینم وادەزانم هەر هەمان ئەو ئەمنانەی زوون.